

# مامە ریشە
# لە
# کاروانی
# سەروەریدا

# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی
# دەربارەی تاوانێکی تری رژێمی شۆڤینی بەغدا

هەڤاڵانی تێکۆشەر

هاونیشتمانانی دلێر

جارێکی تریش رژێمی شۆفینی بەغدا دەستی تاوانبارەکانی خۆی سوور کردووە بەخوێنی گەشی ٣ رۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان و کوردستانی خۆشەویستمان ، هەڤاڵان نەجمەدین شکور رەئووف تاڵەبانی ناسراو بە مامە ریشە ، محسن مەجید سەلیمو سەردار حەمە شەریف کە لە ئێوارەی ١٩٨٥/١/٢٤دا بەپیلانی ئیستخباراتی عەسکەری و بەدەستی چەند نیشتمان فرۆشێکی تاوانباری نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان بەشێوەیەکی نامەردانەو ترسنوکانە شەهیدکران ، ئەم ٣ قارەمانە دەعوەتکرابوون بەڵام میوانداریەکە بریتی بوو لە بۆسەیەکی نامەردانە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ٣ قارەمانەکەی گەلەکەمان لەناو ئوتومبیلەکەی خۆیاندا ئەم تاوانە پیسە راستەخۆ لەلایەن ئیستخباراتی عەسکەریەوە بەرەزامەندی دەزگای کاربەدەستانی حزبیو جاسوسی حکومەت لەکوردستاندا نەخشەی دانرابوو ، پارەو بەخششێکی زۆریشی بۆ تەرخان کرابوو ، بەم جۆرە ئەم تاوانەش ئاڵقەیەکە لەزنجیرەی تاوانەکانی رژێمی شۆڤینی لەدژی کوردو کوردستان و رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان . بەڵام ئەمجارەشیان وەکو تاوانەکەی کوشتنی شەهیدی قارەمان سەید کەریم کە لەلایەن ئیستخباراتی عەسکەریەوە پیلانی بۆ دانرابوو ، برینە کۆنەکانی شەهیدکرانی قارەمانەکانی گەلەکەمانی کولاندەوە ، بریتی خنکاندن و کوشتنی خاڵە شەهاب و کاکە جەعفەرو کاکە ئەنوەرو کاکە ئارامو سەعدی گچکەو مامۆستا عەزیزو دەیان کادری سیاسیو پێشمەرگانەی شۆرش و سەدان لەئەندامەکانی



( ی . ن . کع )و پێشمەرگەی شورش کە بەدەستی تاوانبارانی رژێمی شۆڤینی دوژمن بەکوردو کوردستان لە زیندانەکانی میری وەیان بەدەستی چەکدارەکانی شەهید کراون . بەڵام خوێنی مامە ریشەی قارەمان و کاکە محسن و کاکە سەرداریش وەکع خوێنی شەهیدانی نەمری تر هەر بەنزینەو بەسەر ئاگری شورشەکەمان دا دەکرێت ، هەر دەبێتە هۆی کلپە سەندنی بلێسەی شۆرشەکەمان کە رۆژ بە رۆژ لە گەشەکردندایە کە هەر درێژەی پێ ئەدرێ تا رزگار کردنی کوردستانی خۆشەویست لەحکومەتی داگیرکەری شۆڤینیو بورجوازی بیروکراتی عەرەبی ، کە نەکع هەر ئازاردانی درندانەی نەتەوایەتی دەسەپێنێ بەسەر گەلی کوردا ، بەڵکو بەهەموو جۆرێ هەولی تەعریب کردنی کوردستان دەداو سیاسەتی ئیستعماری ئیستیطانی لەکوردستان دا پەیرەوی دەکات و نەوتی کوردستان و سەروەتەکانی تری بە تالان دەبات ، هەر بۆیەش رزگار بوون لەو داگیرکەرانەی کوردستان و سەندنەوەی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بۆتە پێویستیەکی لە دواخستن نەهاتوو ، بۆ رزگارکردنی کوردو کوردستان لە فەوتان و تەعریب کردن .

ئەی هێزی پیشمەرگەی کوردستان

ئەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان

سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدە نەمرەکانمان ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی هەمووتانە ، نەکع هەر تۆلەسەندن لە بکوژە تاوانبارەکان بەڵکو سەندنەوەی مافی چارەنووس و رزگارکردنی کوردو کوردستان لە داگیرکردن و ئیستعماری ئیستیطانیو شۆڤینی هاربووی بورجوازی عەرەب ، ئەمەش هەر بە جۆشدانی خەباتی جەماوەری شۆرشگێرانە دەبێ ، شان بەشانی هێزە پێشکەوتوخوازەکانی عراق و کوردستان لەپێناوی رزگارکردنی گەل و نیشتمان لە حوکمی کوێت و کوشتارو شۆڤینیو بەدی هێنانی رژێمی دیموکراتی بۆ عراق و سەندنەوەی مافی

چارەنووس بۆ گەلی کوردستان.

با بکوژە گەوجەکانی ڕۆڵە تێکوشەرەکانی کوردستانیش باشتر بزانن کە بەر تاوانەیان نەک هەر ڕۆڵەکانی کوردستان ناترسێنن، بەڵکو زۆرتریان هان ئەدەن بۆ بەگژا چوونەوەو دەسکردنەوەو جۆشدانەوەی شۆڕش تا کۆتایی هێنان بەدامو دەزگای کوشت و کوشتارو لەرەگ و ریشە هەڵکەندنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی.

دەبا کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش بەتەواوی دڵنیابن کە شۆڕشە پیرۆزەکەمان بە ڕێبەری ی. ن. ک هەمیشە لە پەرەسەندن و گەشەکردندایە. هەمیشە درێژە دەدا بە خەباتەکەی هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر داگیرکەرە شۆڤێنیەکان و رزگارکردنی کوردستان لێیان.

راستە لە دەستدانی مامە ریشەو هاورێکانی وەک لەدەستدانی سەید کەریم و هاورێکانی زیانێکی گەورە بوو لەشۆڕش و هێزی پێشمەرگەو ی. ن. ک و کوردو کوردستان کەوت، بەڵام بەکوژرانی قارەمانان شۆڕش و گەلەکەمان و یەکێتیەکەمان لەناونا چن، جەماوەری گەل و شۆڕش و ی. ن. ک سەرچاوەی قارەمانەکان و ماموستاو راهێنەریانن بەخەباتی قارەمانانەو شۆڕشگێرانە، ئەوانیش بەکوشتنی ڕۆڵە قارەمانەکانیان ری ئەستورتر دەبن، سوورتر دەبن لەسەر خەبات و شۆڕش کردن، ئەوە رژێمە دکتاتۆرو شۆڤێنیەکانن کە بەکوژرانی سەرکردەکانیان و فس فس پاڵەوانەکانیان هەڵدەتەکێن و هەڵدەوەشێن بەرەو چاڵی نەمان گلۆر دەبنەوە، کەچی شۆڕشی گەلان، وەک شورشەکەی گەلی ئیمە، خەباتی هیزە شورشگیرەکان وەک (ی. ن. ک)ی ئێمە بە شەهیدکرانی ڕۆڵە قارەمانەکانیان پتر پەرە دەستێنن، چونکە خوێنە گەشەکانیان چەرخی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و شۆڕشە رەواکەی چەور دەکاتەوەو ڕەنگەکانی لێ دەسرێتەوە خستەوەگەری خێراتر دەکات.



کوشتنی رۆڵەکانی گەل بەوشێوە نامەردانەیە یەکەمین جار نیە لەمێژووی کوردایەتیدا، داگیرکەرانی عوسمانیو ئیرانیو عراقیش چەندین جار ئەم رووە رەشیەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، بەڵام کوردایەتیو شۆرشیان پێ نەفەوتاوە، ئەمجارەشیان نەشۆرش و نە کوردایەتیو نە (ی . ن . ک)یان نەک هەر پێ لەناو ناچێ بگرە کزو لاوازیش ناکرێت، چ جای ئەوەی پەکی خەباتە شۆرشگێرانەکەیان بخەن.

مامە ریشە ـ ناوی نەجمەدین شکور رەئوف تاڵەبانیەـ لەدێی تاڵەبان لەساڵی ۱۹۵۳دا لەخێزانێکی جوتیاردا هاتۆتە دنیاوە، باوکیشی هەر بەدەستی جەللادەکانی رژێمی شۆڤینی لەزینداندا شەهیدکراوە.

مامە ریشەی قارەمان فەرماندەی کەرتی چواری جەباری تیپی ۵۷ ی سەگرمە بوو، قارەمان و رابەری داستانە خوێناویەکانی (حەمک و ژاڵەو ساڵەیی و کوڵەیان و نەرجیل و ژاڵەی خوێلێین و قەرەهەنجیرو چەمچەماڵ و زەنگەنە) بوو هەروەک قارەمانێکی دیاری شەرەکانی قەندیل و کوردستانی ئیران و بێتواتەو سەرجادەکانی چەمچەماڵ و سەنگاو و کەرکوک و سلێمانی بوو، مامە ریشە لەسەرەتای حەفتاکاندا کە فیدائی بوو لە فەلەستین جارێک و ۳ جار لەم شورشەدا بریندار بووە، ئەندامی کۆمەڵەو بەشداری کونفرانسی ۲ و ۳ ی بووە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو، لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا مایەی شانازی کۆمەڵانی خەڵک بوو.

هەر بۆیەش لە خۆپیشاندانە گەورەکانی شارەکانی کوردستاندا جەماوەر هاواری دەکرد ـ بەهێزی مامە ریشە، دوژمن دەکەین بە شیشا.

کاک محسن مەجید سەلیمیش رۆڵەیەکی دلێری ی . ن . ک و شۆرش بوو، یەکێک بوو لەقارەمانەکانی سەرجەم شەرەکانی جەباری و قەرەجەسەن و هەمەوەندو کوردستانی ئیران و بێتواتە، دوو جاریش لەم شورشەدا بریندار کراوە. لەساڵی ۱۹٦۲ لەکەرکوک لەگەرەکی

سوریجه هاتۆته دنیاوه ، ئەندامی کۆمەڵەو هەمیشە رۆڵەیەکی خۆشەویستی کۆمەلانی خەلکی بوو.
کاک سەردار حەمە شەریفی تێکۆشەریش پێشمەرگەیەکی قارەمان و نەبەزی ناوچەکە بوو ئەویش لەساڵی١٩٦٢ لەدێی قەرەتامۆر هاتۆتە دنیاوە ، پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێری شۆرش و ئەندامی کۆمەڵەو خۆشەویستی جەماوەر بوو .
ئەم سێ قارەمانە لەسنووری کەرتەکەی خۆیاندا لەنزیک ( قازان بلاخ) بەدەستی نۆکەرانی ئیستخباراتی عەسکەری نامەردانە شەهیدکران .
ئەی لەشکری عراق، ئەی سەربازە بەشەرەفەکان ، ئەی ئەفسەرە نیشتمان پەروەرەکان ، هـ . پ . ک شەری لەگەڵ ئێوەدا راگرتبوو ، نەیدەویست و نایەوێ شەری ئێوە بکات ، بەلام وا دەزگایەکی جەیشی عراق کە ئیستخباراتی عەسکەریەو هەندێ ئەفسەری شۆڤینی بەرێوەی دەبەن ، بەم تاوانە چاکەو پیاوەتی هـ . پ . ک دەدەنەوە .
دیارە تاوانی بەکوشتندانی دەیان سەربازو چەکداری جەیشی شەعبی دوای تاوانە پیسەکەی شەهیدکردنی مامە ریشەو هاورێکانیشی لەشەرەکانی ( باوە، تەپەلو، سەنگاو و چەمچەماڵ و ئەڵلایی) هەر دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا تاوانباری و جاشەت و ئاغاکانیان .
ئۆبالی ئەو شەرە ناوخۆیەی ئەو پیاو کوژو درو چلکاوخۆرانەی تجارەت بەخوێن و فرمێسکی خەلکەوە دەکەن و جاشایەتیش هەر دەکەوێتە ئەستۆی بەرێوەبەرانی سیاسەتی شۆڤینی و شیستیطان و تەعریب و کوشت و کوشتار لەکوردستاندا ، ئێوە شایەتی ئەم راستیانە بن لەبەردەم دادگای گەل و شۆرشدا کە بێ گومان تاوانبارو شوفینیەکان لەدەستی دەرناچن .
نە خوێنی گەشی مامە ریشەو محسن و سەرداریش بەفیرۆ دەچێت و نە بنکەو زۆرهاندەرانیشیان لەچنگی پۆلاینی شۆرش دەردەچن ، نە داگیرکەرانیش وەک بەرەکی باتانن بۆی دەردەچن .
شالاوی تووڕەیی کۆمەلانی خەلک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێندە توندو تیژو بەتینە

هیچ هێزێکی کۆنەپەرست و شۆڤینیو داگیرکەر ناتوانێ هەتا سەر بەربەستی بکات .
بەڵکو داگیرکەرانی کوردستانیش وەکێ هەموو داگیرکەرانی تری دنیا هەر لە سەرەنوێلکی مێژوودا زیندە بە چاڵ دەکرێن چونکە (( تۆڵە بەسەبرە ، ئەمما بە زەبرە )) .



مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

# کوڕی بابەگوڕگوڕ

## جوامێر

ڕێگە چۆڵکەن ! هەستنە سەرپێ !
وا ئەسپێکی سپی باڵ سوور
لە پێدەشتی کەرکووکەوە
ئەحیلێنێو بۆ ئێرە دێ !
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ ماڕۆی گەرمیانم !
ئەوەی بەفرو
گڕو شەپۆلی ناسیبێ ..
ئەوەی شمشێری برووسکەو
باو بۆرانی کێوی دیبێ
تۆ ئەناسێ !.
ئەی ڕەشەبای لەپاشکۆدا خۆر سوار کردوو !
ئەوەی جارێ :
گوڵاڵە سوورەی چاو ڕەشی
ـ ڕەحیم ئاوا ـ و
منداڵانی سەر قۆچکەتاشی " لەیلان " و
کێڵگەی برسی ی " دوز " ی دیبێ
تۆ ئەناسێ !



* * *

کۆبنەوەو هەستنە سەرپێ !
سەر هەڵبڕن !
بازێک شەلاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەدا تێ ئەپەڕێ
ڕووەو " قەندیل "
بەسەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ
هەتا ئەگاتە سەر دوندو
ئەچێ .. لەوێ
لە پەڵە خوێنی " نازم " دا
بەهێواشی ڕا ئەکشێ !

* * *

ڕێگە چۆڵکەن ! هەستنە سەرپێ !
زریان : کفەی ون کردووەو سۆی ئەگەڕێ !

---

نازم : شەهید نازی حەمدی سلێمان

هەواڵنامەی کتێب

گەرمیان کوورەی کاوەیەو جۆشدراوە
تەماشاکەن :
هەرچی گردۆلکەی پێدەشتی لەش جنراوە
وەکوو دایکانی وڵاتم
بنچکی قژوو ئەگریجەی گزو گیایان
لەملیاندا ئالۆزکاوە !!

* * *

مامە ریشە !
ئەی پڵنگی چنگێ بەگڕی گەرمیانم !
بەیتی تازەی " توحفەی " ئەمڕۆی کوردستانم !
لەماڵانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا :
تۆ قوتیلکەی بەر هەیوانی ..
داسی دروێنەو، هەتاوی
سەر بانێژەی زستانانی ..
مانگە شەوی ، هێشوی رەزی ،
هاژەی چەم و
وزە وزی دارستانی ..
ئاگری شوانی ..
وەکوو باران
وەکوو کانیی
وەکێ دەغڵ ودان
خۆشەویستی
بۆ کوڕی بابە گوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی !



١٩٨٥/١/٢٨

هەواڵنامەی کتێب

# هەرلوتکەیت

ئەو رووبارە سەر هەڵگرتووە تووڕەیە بوویت نەکێ لە بەهارو زستاندا لەهاویندا لرفەو هاژەت بواری بەکەس نەئەدا ، ئەی هەڵۆ بەرزەفڕەکەی بەندەنی شیشاری بێتواتە ، شەقەی باڵی تۆی شابازە لەسەر تەپۆڵکەی گردەکان لەکاچ و کوێراوی بار کەڵبەزدا زرنگەی دێ ، ناو و وورەت تفەنگێکی میل کێشراوە بەدەست دڵسوزانەوەیە ، ئارایەتیت کێوێ بوو لەوورەو باوەر نە قازوویەکێ نە واشەیەکی بیابان نەیتوانی بگاتە لوتکەت ، تا ئاخری داوی رەوە کەوی خۆ خۆر گیانەخزو سرکەکەتی خستە ناو نۆرە تۆ رۆیشتیو وونیش نابی ، ئازارێکی بەناخی برپوای پیشمەرگا بەقوولایی بشێنە جل کەزیدکەت جوویتە خوارێ ، هەر هەڵمەت و پەلامارێ کە لەمەودوا گڕ بسەنێ تۆی پێشمەرکەت دنە داوە ، فێرت کردوون ریشە ئاسا هەڵمەت بەرن کام سەنگەری دوژمن قایمو قورل و قەلایە وەکێ بەری دەست تەماشای کەن. داخێکی ئەستوورو رەشیت بەقەد هەموو ئەو کوللانەی لەژێر پەلەبیتکەتەوە هەڵفرین ، بە ژمارەی گشت ئەو قەوانە زەردو رەشانەی لەپەنجەرەی زاندوە هەڵوەرین ، یەکێ بەیەکی دڵۆپەی ئەو ئارەقەی لەژێر فیشەکدان و چەکی تورسو گرانی سەر نەررەی شان هەڵت رشتن ، دانە دانەی گەردو تۆزی پایزانی جەباری لەسەر باڵات بەشانە ئەبوو لەسەرو ریشت ئەنیشتن ، بە ئەم ژمارانە گشتی شیشی سووری گڕی داخت نا بەدڵی کوردستانا. ریشەی ئێستا خەڵتانی خوێن بێ دەنگێ کەوتوو، ئەو کوردستانەی تۆی لێ بووی هەزاری تر بەرهەم دێنێ کە جەباری مەڵبەندەکەت وەکوو نەورۆز داگیرسێنێ، ئامانجی ناو دڵە پاکێو سادەکەشت وەکوو ئالا لەئاسمانی سەرکەوتندا بشەکێنێ .

١٩٨٥/١/٢٤

بەرگەڵو

# لەتۆڵەی مامە ریشە و هاوڕێکانیدا

ژینی کورت و بەهەڵۆیی مردن — نەک پەنا بۆ ڕوو ڕەشی بردن
لای هەڵۆی بەرزەفری بەرزە مژی — چۆن بژی شەرتە نەوەک چەند بژی

هاوولاتیانی هێژای راهاتوو بەکۆستی گران و قوربانی گەورەو نەبەزین و کۆڵنەدان ، ئەی ئەو نەتەوەیەی خاوەنی هەزاران شەهیدو پێشمەرگەی وەک مامە ریشەی گیفارای کوردەوارین، ١٩٨٥/١/٢٤ تان لەیادە کەچۆن مامە ریشەی قارەمان و سەردارو محسن بە پیلانێکی نامەردانە شەهیدکران ، ئەو پیلانە ناجوامێرانەیەی کە داگیرکەرانی کوردستان زۆر جار پێرەویان کردووە ، بەڵام مامە ریشە ئەوەندەی ئێشی گەورە بەدوژمن گەیاندوە ، ئەوەندەشی دەرس و مەشقی پێشمەرگە داوە تا هەتایە هەم ترس و سامی لەدڵی دوژمن دا نەرەوێتەوە هەم بەزیندوویی‌و گەشی لەدڵی میللەتەکەی خۆی دا بژی و هەموو کاتێ هێرش بەرێتە سەر هێزەکانی دوژمن و هەر کێلە بەردو بنە ژاڵەیەکی چۆمەکانی جەباری و گەرمیان ، هەر لوتکە شاخ و گردێک ریشەی تیایەو چاوی ناوەبە دووربینەکەیەوەو ئامادەی لێدان و هێرش بردنە . بەڵێ ئەو مامە ریشەیەی بۆ خاتری چاوی کوردستانەکەی ئەو پێشمەرگە خۆشەویستە بوو ، دەشی زانی رۆژێک دادێ ئەم کۆچە ئەکات کە هەموو خەڵکی وڵاتەکەی هەم پرسەی گەرمی بۆ دەگرێ هەم خوێنەکەی وون ناکەن و هەزار جار تۆڵەی دەسەنن ئەوەتا تیپی ٥٧ ی قارەمانی سەگرمە نەیهێشت خوێنە گەشەکەی وشک بێتەوە بەکەم تۆڵەی کردەوە .

سەعات ٥ر٨ ی سەرلەبەیانی ١٩٨٥/١/٢٥ پێشمەرگە نەبەزەکانی کەرتە قارەمانەکەی ریشە ل/٤ جەباری بۆسەیەکی پتەوی لەسەر رێگای " باوە " دانا ، کاروانێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر دەسرێژی گوللە لەو هەلەتە تەختەدا شەر گەرم بوو ، پێشمەرگە نەبەزەکانی ل/٣ هەمەوەندی هەمان تیپ و کەرتێکی تیپی ٥١ ی گەرمیان و کەرتی ٣ ی تیپی ٢١ ی کەرکوک و هێزی پشتگیری لەچەند قوڵێکی ترەوە هاوکاری کاریگەریان کردو شەرێکی سەختی چەند سەعاتی تا ئێوارە درەنگی ئەو رۆژە درێژەی کێشا . زیانی دوژمن بەم جۆرە بوو:

١ـ کوژرانی زیاتر لە ٥٠ کەس .

٢ـ تێکشکاندنی مودەرەعەیەک و ٣ ئوتومبیل .

ئێمەش بریندار بوونی ٤ پێشمەرگەو شەهید بوونی ئافرەتێک لەگوندی باوە

بۆ رۆژی پاشتر پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٣ ی هەمەوەند هەمان تیپ هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ئەو کاروانەی بەرەو سەنگاو دەچوو ، شەر دامەزرا لەچەند شوێن و لایەکەوە هێرشی یەک لەسەر یەک برایە سەر دوژمن ، کۆپتەرو هێزەکانی دوژمنیش هەر سەرگەرمی بوردومان کردنی کوێرانەی دێهاتەکانی گوش قوت و وەسمان غەزال بوون ، مەفرەزەیەکی تر لەنزیک دێ ی قەرەتامۆر لەهێزێکی دوژمنیان دا کە بەهانای هێزە گیرخواردوەکەیانەوە دەهاتن تێکرای شەرەکان تا تاریکی ئێوارە درێژەی هەبوو زیانی دوژمن بریتی بوو لەکوژران و بریندار بوونی ٢٠ کەس کە یەکێ لە کوژراوەکان نەقیبی طیارە ، پێکرانی کۆپتەرێک و تێکشکاندنی ٣ ئوتومبیل .

هەر لەهەمان رۆژدا مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ هێرشی کردە سەر جەیشە شەعبییەکانی عەبدوڵلایی لیانیدان بووە هۆی کوژرانی ٥ جاش کە ئەمەش ناوەکانیانە :

١ـ عەزیز حەسون برهان .

٢ـ ناسر حسین .

٣ـ فەیسەڵ شەبیب .

٤ـ عەزاب ریاز عەبد .

٥ـ هادی جاسم شمران .

مەفرەزەیەکی تری کەرتی تیپ چووند سەر رەبایەکانی کەنەکەوەو لەوێش ئاگربارانێکی خەستیان کردن.بووە هۆی کوژرانی ٢ سەرباز ، مەفرەزەیەکی تری کەرتی دووی هەمان تیپ پەلاماری جاشەکانی گوپاڵەو تەینالیان دا بەلام زیان نەدرانراوە .

تێکرای زیانەکانی دوژمن : ٨٣ کوژراو ، ٢٠ بریندار ، پێکرانی کوپتەرێک ، تێکشکاندنی مودەرەعەیەک و شەش ئوتومبیل .

قوربانی ئێمەش شەهیدبوونی ئەو ئافرەتە لە گوندی باوەو بریندار بوونی ٧ پیشمەرگە ، هەزار سلاو لەگیانی پاکی ئەم خوشکەو بەڵێن بەکوردو کوردستان خوینی منالی بەرمەکەش بەسەر دوژمنەوە نەڕوات .

ئەی پیشمەرگە قارەمانەکانی تیپی سەگرمە لەگەڵ ئەوەی دەستان خوش بێو هەر بژین بەلام ٨٣ کوژراو ناکاتە تولەی پەنجەیەکی مامە ریشەو سەردار و محسن ، گیانی پاکی ئەم شەهیدانە شاد کەن و وەک هەمیشە پەیمانیان بۆ نوێ کەنەوەو پێیان بڵێن مامە ریشە دڵنیا بە بەر هەڵبرە لە گۆڕەوەو مەیدانی شەرمان ببینە ، پێمان بڵێی بو هەر لایەک پەلامار دەین هەروەکوو خوت گیان لەسەر دەست رانەوەستێ ، بریا ریشە لێرە دەبوو ئێستا دەتان بینی وەک شەرەکەی ژالەو دەربەند چون لە قرخ و تالیبانەوە فریا دەکەوت ،وەکوو داستانەکەی حەمک وەک شەری مامشەو ناو کەرکوک کەبروسکەو چەخماخە بوو ، وەک کاکە جوامێر گوتەنی : کورەکەی بابە گورگوڕی لە پاشکۆدا خور سوار کردوو پلنگێنە تەنگەکەی گەرمیان دەبوو ، بەلام رویشت ، ریشە رویشت دڵنیایەو باش دەزانی کەهەموستان هاوڕیی جەرگەی خەباتین و سەنگەرەکەی ئەو چول ناکەن هەتاکوو دوا بردی دوژمن بەسەرا ردا دەدەن ،

لەبڵاوکراوەکانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

- دەزگای ڕاگەیاندن -

---

دووبارە چاپکرایەوە

لەلایەن لقی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە

لەدەرەوەی وولات

---

چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو

ئازاری ١٩٨٥